# هاوپەیمانەکان. .
# تاریق عەزیز لەجاشەوە ئەکەن بە پاشا

سەلاح گەرمیان/ سیدنی
germiyan@hotmail.com

ڕۆژنامەی " دەیلی تەلگراف " ی ئوستڕالی لە ژمارەی ڕۆژی سێشەممەی ٢٩/٤/٢٠٠٣، بابەتێکی بلاّوکردەوە لە نوسینی " بروس ویلسن " تیایدا تیشك ئەخاتە سەر ئەو هەڵویستەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەبارەت بە پاداشتکردنی تاریق عەزیز، بە تەرخانکردنی یەکێك لە کۆشکەکانی میری ئینگلیز " چارلس " لە بەریتانیا کە بەهای ٥و٤ ملیۆن دولارە، بۆ حەسانەوەی خۆی و خێزانەکەی لە گەل پاسەوانێتی بیست وچوار سەعاتەی ڕۆژگار بۆ ئەوەی ژیانێکی نویٚ وەك پاشا تیادا بەسەر ببا ( هەر وەك ڕۆژنامەکە باسی لێوە ئەکات) هەروەها لە گەلٚ پولێکی زۆر و موچەیەکی سالآنەش. نووسەر ئاماژە بۆ ئەو زانیارییانە ئەکات کە لە ڕژنامەی " سەن " ی بەریتانی هاتووە لەو بارەیەوە کە باس لە چەند بەلگەیەك ئەکات کە بەردەستیان کەوتووە. ئەو زانیارییانە وا دەرئەبرن، وا نیازە کە تاریق عەزیز بنێرێت بۆ شاری ئۆکسفۆرد بۆ ئەوەی لە پایگایەکی سەربازی بمێنێتەوە بۆ ماوەی شەش مانگ، پێش ئەوەی جیٚ و ڕی لە کۆشکی میری بۆ ئامادە بکرێت. بەپیٚ ی هەواڵەکان پاداشتکردنی دەستەڕاستی دکتاتۆری دۆڕاو سەددام حوسێن لە بری ئەو زانیاریانەیە کە گەیاندوویەتی بە هێزە هاوپەیمانەکان لە کاتی هێرش بردن بۆ سەر بەغدا و پەیوەندی جاسوسی لە گەلیاندا بە دەستنیشانکردنی جیگای بوونی سەددام بە مەبەست بوردمانکردنی بنکەی خۆ حەشاردانی.

لێرەدا مەبست لەباسکردنی ڕاست و درۆیی ئەو هەوالآنە نیە، باس لە وەدایە کە تاریق عەزیزێك کە بە درێژایی تەمەنی ڕژێمی خوێنڕێژی سەددام، وەك نۆکەرێکی ملهوڕ لە خزمەتکردندا بوو و وەك کەسێکی مەراییکەر و دور لە هەر سیفەتێکی کۆمەلأیەتی باو، لە پێناو ڕەزامەندی ئاغاکەی و جێخۆشکردنی خۆی لە پلەو پایەدا چەندەها لە دەست ودایەرەی حیزب و سەرکردایەتی دەسەلاتداری بە ئیعدامکردن و دورخستنەوەیان لە مەیدانی دەسەلأتدا دا. هەر ئەو بوو وەك ملکەچێکی دلٚسۆز دەستێکی بالأی هەبوو لە بەرپاکردن و داکۆکیکردن لە سیاسەتە خۆیناویەکە سەددام دژ بە گەلانی عێراق. بە دور نابینرێت لە کەسێکی ئاوای خاوەن مێژویەکی ڕەش کە خۆیٚ فرێداتە باوەشی ئاغا تازەکانییەوە. هیچ سەیریش نیە بۆ کەسانێکی ئاگا بە کەسێکی وەك تاریق عەزیز و ئە دەستەو تاقمە دڕندە ڕاونراوەی بەغدا کە لاف بەرگریکردن لە گەل ونیشتمانی عێراق بەڕووی داگریکەراندا لیٚ ئەدا، باسیان لە گرتنی ریگای شەرەف وکەرامەت ئەکرد، وا سەر شوڕانە یەك بەدوای یەك خۆ بە دەستی داگیرکەرانەوە ئەدەن. و زیاتریش باسەکە لە سەر ئیدیعاکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەمەڕ ڕزگارکردنی خەلٚکی عیراق لە دکتاتوری و بەسزا گەیاندنی سەرانی ئەو ڕژێمە گلأوە و دابینکردی دیموکراسی ودروستکرنەوەی عیراقێکی نویٚ یە.

مایەی بێزاری و تورەیی خێزان و کەسوکاری تاوانەکانی دەسەلأتی ڕەشی ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام وهەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان کە خەونیان بەو ڕۆژەوە دەبینی کە تیایدا مێردەزمەی ئەو دەسەلأتە نەگریسە لە

سەر ژیانیان لاچێت و بەچاوی خۆیان ئەو ڕۆژە ببینن کە جەلادەکانیان بە سزای ڕوای خۆیان بگەن، دەبینن ئەو تاوانبارانە بە پێچەوانەی خواستەکانی ئەوان، ڕێزیان لێ ئەگیرێت و پاداشت ئەدرێنەوە لە لایەن ئەو لایەنانی کە بەڵێنی ڕزگارکردنیان پێدابوون.

خوێنی بە ناهەق ڕێژراوی سەدەها هەزار لە قوربانیانی قەسابخانەکانی ئەنفال و کیمیاوی بارانی هەڵەبجە وناوچەکانی کوردستان و شارو گوندە کاولکراوەکانی کوردستان و قوربانیانی خەلکی زەلکاوەکانی خواروی عێراق و خوێنی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە بەرامبەربونەوەی ڕژێمی توقاندن و کوشتنی بەعسییە عەفلەقیەکان گیان لە دەستدا، داوای تۆڵە و بە سزا گەیاندنی هەموو ئەو تاوانبارە بێ ئەخلاقانە ئەکەن و ئەرکی هەمووانە کە دەنگی ڕەوا بەرزکەینەوە بۆ دادگایکردنی ئەو دڕندانە و هەر کەسێك کە بەشداری لە بە جێهینانی سیاسەتی نامرۆڤانەی ئەو ڕژێمە خوێنرێژەی کردوە لە نۆکەران و جاش و خۆفروشان لە بەردەم دادگایەکی ئاشکرا لە ناو عیراق بۆ ئەوەی سزایان پێ ڕەوا ببینرێت. ولە هەمان کاتدا ڕووی داواکاری بکەینە حیزبەکان بە تایبەت حیزبە دەسەلأتدارەکانی کوردستان کە بە هیچ شێوەیەك باوەش نەکەنەوە بۆ ئەو خائن و خۆفرۆشانەی هەڵدین لە بەغداو شارەکانی تر ڕوو ئەکەنە کوردستان، بە بیانووی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نۆی و بە دەرکردنی بڕیاری لێبوردن لەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە.